Sorani

Uppsala kommun



# گەڕەکەکانی ڕۆژهەڵاتی باشوور لە پێشکەوتن دایە



کەسانێکی بە ئەژماردتر شوێنی بێهاوتای ئوپسالایان بۆ دەرکەوتووە و لێرە کەسانێک کۆدەبنەوە کە ژیانێکی باش، لەپلەوپایەدا سەرکەوتن، کات بۆ خێزانەکە، ترپەی دڵی شاری گەورە و نزیک بە سرووشتیان ئەوێت. هەروەها ئوپسالا یەکێکە لە ناوچەکانی کە حکومەت پێشترێتی ئەداتێ لە هەوڵدانێکا بۆ شارگەل و گەڕەکگەلی خۆڕاگر.

پێشکەوتنەکەی گەڕەکگەلی ڕۆژهەڵاتی باشوور بەشێکە لەو هەوڵدانە و دوو هێڵی ئاسنینی نوێ لە نێوان ئوپسالا و ستۆکهۆڵم، وێستگەیەکی نوێی قیتار لە بێریسبروننا، گوزەری پڕهاتووچۆی بەکۆمەڵ و گەڕەکگەلی تری شار پلاندانانی بۆ ئەکرێت. هەڵبەتە ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەنە. پێشکەوتنەکە ئەبێت کاتی خۆی بدرێتێ و بە بەرپرسیاریی تەواوەوە ئەنجام بدرێت. بەڵام هەر لەئێستاوە پلان بۆ چۆنێتی پێشکەوتن هەیە تا ساڵی 2050 .

## پلانی گەڕەکگەلی ڕۆژهەڵاتی باشوور تا ساڵی 2050

گەڕەکگەلی ڕۆژهالاتی باشووری ئوپسالا ئەنێت پێشکەوتنی تێدا بکرێت و شارەوانی ئوپسالا، ناوبراو بە «تێداقووڵبوونەوەی پوختەی پلان» بۆ ناوچەکە. شارەوانی لەوێدا ئاماژە بە ئاراستەڕێ و دیدیی ئاییندەیی بۆ پلانەکە و پێکەوەهەڵسەنگاندن لە نێوان ئارەزووە گشتییە جیاوازەکان ئەکرێت. خاڵی دەستپێک، پوختەی پلانی ئوپسالایە کە لە 2016 دا ئاماژەی بە گەڕەگەلی ڕۆژهەڵاتی باشوور کرد وەک ناوچەیەکی گرنگ بۆ پێشکەوتن لە ئوپسالا.

لە «پلاندانانی وردەکارییدا» کە دواتر ئەکرێت، لێکۆڵینەوە و دیاری کردن ئەکرێت بۆ چۆنێتی بەکارهێنانی زەوی بە سەرنجی زیاترەوە. واتە تێداقووڵبوونەوەی پوختەی پلانەکە یەکەمین هەنگاوە لە پرۆسەی پلاندانان – و بەرفراوانکردن بۆ پێشخستنی ژینگەیەکی خۆڕاگر و ڕاکێشەر.

## ناوچەگەلی پەیوەندیدار

ناوچە پلانبۆدانراوەکە ئەمانە لەخۆئەگرێت، بێریسبروننا، نۆنتونا، سێڤیا و ڤیلان هەروەها گرووپێک لە گوند و ناوچە بە ڤیللای سەربەخۆوە. بیناسازییەکە ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەیە لەسەر بەشێکی سنووردارکراوی ئەو ژینگانە کە ئەمڕۆ لەوێدان بەڵام وەک گوترا، ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەنە و هیچ گۆڕانکارییەکی گەورە و ڕاستەوخۆ ڕوونادات.

خانووبەرە نوێ کە لەسەر زەوی بینانەکراو ئەکرێت، بەرلەهەرشتێک ژینگەی دارستان بەڵام بە ڕادەیەکی دیاریکراویش زەوی کشتوکاڵی و لەسەر ئەو زەویانەی ئەمڕۆ بەکارناهێنرێن.

## نوێ بەرەوڕووی کۆن ئەبێتەوە

خانووبەرە نوێ کە بە ژمارەیەک گەڕەک سازئەکرێت کە پێکەوە ئەبەسترێن بە هاتووچۆی گشتییەوە بە توانستی بەهێز. لەو جێییانەی کە بکرێت، گەڕەکە نوێکان ئەشبەسترێنەوە بە باشووری سێڤیا و بێریسبروننا، بە چەند جادەیەکەوە کە تانها بۆ پیادەڕۆ – و هاتووچۆی بایسکلە. لە پەیوەستبوون بەو خانووبەرانەی کە هەیە، خانووبەرە نوێکان گونجاندنیان هەم لە پێوەر و هەم لە تایبەتمەندییدا بۆ ئەکرێت.

پێشنیار ئەکرێت کە لە دەوروبەری وێستگەی هێڵی ئاسنینە نوێکە و بەشێک لە ڕێگای 255 خزمەتگوزاریی و دوکان هەبێت بۆ ئەوەی گەڕەکەکان بە ڕێگاخۆشکردن، بەکەڵکهاتوویی و شوێنی چاوپێکەوتنی زیندوو پرکرێتەوە. پلاندانراوە کە شوێنگەلی تایەبەتی بۆ ژیان لە جۆری جیاواز، بنکەگەلی تەندروستی، چاودێری ددان و خزمەتگوزاری تر لە نزیک وێستگەکانی هاتووچۆی گشتی دابنرێن.

بەدرێژیی هەموو گوزەرە پڕهاتوچۆکە و بەشێک لە ڕێگای 255، پێشنیار ئەکرێت کە خزمەتگوزاریی و دوکان گەڕەکەکانی شار پڕکاتەوە بە شوێنی چاوپێکەوتنی زیندوو، ڕێگاخۆشکەر و بەکەڵک. وا پلان دانراوە کە لە نزیکی وێستگەکانی هاتوچۆی گشتی  بەتایەبەت خانووی جۆراوجۆر، بنکەی تەندروستی، چاودێری ددان و خزمەتگوزاریی تر دروست بکرێت.



# نەخشەی پلان

# بەکارهێنانی ئاو- و زەوی لە گەڕەکەکانی شار لە ڕۆژهەڵاتی باشوو

لەوانەدا کە لە پێشنیاری پلانەکەدایە خانووبەرەی ناوشارە، پوختەی ژێرخان، و سرووشت-، کێڵگە و زەوی لەوەڕە. پلانەکە پێشنیارێک بۆ بەکارهێنانی زەوی لە گەڕەکەکانی ڕۆژهەڵاتی باشوور و چۆنێتی پلەپلەی پێشخستنی ناوچەکە تا ساڵی 2050.

ناوچەی پلاندانانەکە، گەڕەکەکانی کە ئێستا هەن بێریسبروننا، نۆنتونا، سێڤیا و ڤیلان، هەروەها گرووپێک گوند و ناوچە بە ڤیللای سەربەخۆ لەخۆئەگرێت.




- سنووری شارەوانی
- سنووری پلانەکە
- بەشی گرنگی نووسینگە، هۆتێل و بازرگانیی
- بەشی گرنگی خانووی فرەماڵی. ساڵۆنی بچووک لە نهۆمی ئەردیی بۆ خزمەتگوزاریی کەرتی گشتی و خزمەتگوزاریی بازرگانییانە
- بەشی گرنگی خانووی فرەماڵی و خانووی ئەردی لە خانووی فرەماڵی و خزمەتگوزاریی گشتیی
- بەشی گرنگی خانووی بچووک و خزمەتگوزاریی گشتیی
- ئاوەدانیی شار
- زەوی دەوری شار/ دەشتایی ئوپسالا
- بەشی گرنگی وەرزش و کاتی دەستبەتاڵی
- تەواوکردنی لەسەرەخۆی خانووبەرەی ژیانکردن
- پارکی گەڕەک/ پارکی چاندن
- پارکی گەورەتر لە دەستەخانوودا
- ناوچەی سەوز
- گوزەری پڕ ترافیک – ڕووبارەکە
- پانتایی بۆ مامەڵە لەگەڵکردنی ئاوی ڕۆژ
- مامەڵە لەگەڵ کردنی ئاو
- دامەزراوەی تەکنیکی (تێدادرەستکراو)
- ناوچەی هێڵی ئاسنین بە شەقامی سەرەکییەوە ئامێری ماتۆڕداری هاتوچۆ و شەقامی سەرەکی بەتوانای بەهێز بۆ ترافیکی بەکۆمەڵ (تێکرا بە ناوچەی پارێزراوەوە).ڕیزپەڕ لەو خانووبەرەیەی کە ئێستا هەیە
- ناوچەی هێڵی ئاسنین (تێکرا بە ناوچەی پارێزراوەوە).
- بۆ پەیوەندیی ترافیک وەلانراوە
- ڕاڕەوی لێکۆڵینەوەلەسەر بۆ ڕێگای چوونەناوەوە لە شوێنی پێشنیارکراو بۆ شوێنی نوێی ترافیک لە E4 لە کنیڤستا (لەژێر هەڵسەنگاندنایە بۆ وێستگای سوودلێوەرگرتنەوە)
- ناوچەی لێکۆڵینەوەلەسەر بەرامبەر هەڵسەنگاندنی ناتورا – 2000
- ناوچەی لێکۆڵینەوەلەسەر Nysala
- ناوچەی لێکۆڵینەوەلەسەر ناوچەی کاروبار
- ناوچەی لێکۆڵینەوەلەسەر دامەزراوەی سواریی سەربەشاراەوانی
- هێڵی وزە
- گوزەری سەوز بۆ جوڵانەوە
- شەقامی سەرەکی بەتوانای بەهێز بۆ ترافیکی بەکۆمەڵ
- شەقامی سەرەکی ئامێری هاتوچۆ بە بایسکل
- پرد
- شێوەدانانی پرد نزیک بە زەوی
- ڕاگوزەری بن جادە باریکەڕێ و بایسکل
- پەیوەندیی ڕێگا ژێر هێڵی ئاسنین
- وێستگەی هێڵی ئاسنین
- وێستگەی سەرەکی هاتوچۆی گشتی بە توانای بەهێز
- دەروازە بۆ سرووشتی پارێزراو بە بەستنەوە بۆ خەتە گشتییەکانی کە هەن

## دروستکارِی نویٚ بۆ بەکارهێنانی ئاوی باران و سیستەمی تەکنیکی دابینکردن

هەموو شەقامەکان سەوزن و لە شەقامەکاندا ئاوی ڕۆژانە لە فلتەر ئەدرێت و پاکژئەکرێت. کاریگەرِی لە سامانی ئابووریدا و ئامانجەکەی ئاووهەوای ئەرێنی شار لە ڕێگەی تەکنیکی دروستکارِی نویٚ دابینکردن دەستپێگەیینی بۆ ئەکرێت، کە تێئدا چارەکارِی تەکنیکیی نویٚ  بۆ بەرهەمهێنانی وزە، ئەمبارکردنی وزە ، جیاکردنەوەی خۆڵوخاشاک و ماەڵەکردن لەگەڵ زێراب لە تەوەری بازنەکەدایە.

ئەمە لەڕێگای ئەو فرەناوەندە هاوبەشانەوەیە کە تێیدا شوێنی پارککردن، جیاکردنەوەی خۆڵوخاشاک و ڕیزێک لە خزمەتی هاوبەش خرِئەکرێتەوە.

هەروەها بەرهەمهێنانی وزەی ناوچەییش لە ژینگەدا ئەبینرێت وەک شانەگەلی ڕۆژ لەسەر سەربانەکان و دیوارەکان.

## خانووبەرە نوێکان

ژینگە نوێکەی شار مۆرکی ئاشکرای گەرِەکەماڵ، شەقامی ناوشار بە سەوزاییەوە، گۆڕەپان و پارکی پێوەیە.

ئەو زەویانەی کە لە ئەمرِۆدا بۆ چاندن و لەوەرِ بەکارئەهێنرێت، بە ڕادەیەکی باڵا وەک خۆی ئەهێڵرێتەوە. ڕیزپەڕ لەمە، زونێکە بە گەرِەکەماڵ بە درێژایِی هێڵی ئاسنیین.

خانووبەرەکان لە خاڵی یەکبرِی لای وێستگە نویٚ کە بەرزترینن. بەدرێژِی بولڤار- ەکە (شەقامی درێژ و پان)ی هاتووچۆ، خانووبەرەی تا هەشت نهۆمی  هەڵسەنگاندنی بۆ ئەکرێت. لە گەرِەکەماڵەکانی تردا لەنێوان دوو تا پێنج نهۆمین. گەرەکەماڵەکان لە باڵەخانەی خانووبەرەی فرە و خانووی بچووک و خانووی ئەردییە. مەبەست لە خانووی بچووک خانووی بچووکی سەربەخۆیە، جووتەخانوو، زنجیرەخانوو و ڕیزخانووی شانبەشان.

خانووبەرەی خوێندنگا – و باخچەی منداڵان ئەبێت کواڵیتی بەرزی لە نەخشەی بیناکارییدا هەبێت و لەسەر زەوی خوێندنگاکە دروستکرابێت.

## شەقامگەلی سەوز

هەموو شەقامەکان نزیکەی هەمان دەستکراوەییان لە پانیدا هەیە. ڕیزپەڕ لەمە کەڵەکبوونی هاتووچۆی گشتییە لەگەڵ ڕیگای ٢٥٥ کە زیاتر وەک بولڤار ئەبێت بۆئەوەی شوێنی سەوزاِیی و هاتووچۆی گشتی بکاتەوە.

هاتوچۆی ناوشەقامەکان جیاوازە، وابەستە بەوەی کەوتونەتە کویٚ، بەڵام خاڵی هاوبەشی هەموویان سەوزاییە بەرفراوانەکەیە. لەڕێگای گەرِەکەماڵە گەورەترینەکاندا پێشنیاری کۆڵانی تەنگەبەری باریکیش ئەکرێت.

سەرنجی گەورە بۆ دەرفەتی چالاکی کۆمەڵایەتیی پێشترێتی ئەدرێتیٚ لەکاتی فۆرمدانانی شەقامەکان. بۆ ئەو شەقامانەی ڕێژەی هاتوچۆیان نزمە ئەوا پانتایِی هاتوچۆ کەمترین ئەکرێت و بە سەوزایِی ئەوەندەی تر زیاتر، شوێنی گەمە، پێکەوەبوون و دەرفەتی چاندن قەرەبووئەکرێتەوە.



**ژینگە نوێکەی شار**
**مۆرکی گەرِەکەماڵ، شەقامگەلی شار بە سەوسزایِی، گۆڕەپان و پارگگەلی هەیە.**





1. ڕوونکردنەوەی مێتافۆری شەقام بە زەوی پێش حەوشە لەبەردەم هەردوو خانووی فرەخێزانیی و ڕیزەماڵ.

لەلایەن کریستییان سمیت Christiaan Smits، Nivå landskapsarkitektur AB



2. ڕوونکردنەوەی مێتافوری گۆڕەپان لای هاتوچۆی گشتیی بولڤارەکە.

لەلایەن کریستییان سمیت Christiaan Smits، Nivå landskapsarkitektur AB



3. ڕوونکردنەوەی مێتافوری شەقام بە سەوزایییەوە بۆ گەمە و مامەڵەکردن لەگەڵ ئاوی باران.

لەلایەن کریستییان سمیت Christiaan Smits، Nivå landskapsarkitektur AB

## وێنە 1

شەقامەکانی ژینگە نوێکەی شار ئەبێت سەوزبچنەوە و ڕیگا بدات بە گواستنەوە و تێدابوون. ئەم وێنەیە نموونەیەک نیشان ئەدات بەوەی کە بەشێک لە بواری شەقامەکە بۆ باخچە بەکارئەهێنرێت بۆ ئەو خانووانەی لە پەنای دان. لەم دۆخەدا پیاو ئەبینێت کە لای ڕاستی وێنەکە جۆرەهای خانووی بچکۆلەی لێیە کە پێکەوەدروستکراون بۆ هاوشێوەبوون بە ڕیزەماڵ و لای چەپ پیاو ئەبینێت کە چۆن ماڵەکانی نهۆمی ئەردی شوێنی دانیشتنی دەرەوەی خۆیان هەیە بەدرێژیی شەقامەکە ناوبراو بە ماڵی سەر زەوی و تۆزێ لەولاتر بەدرێژیی شەقامەکە خانووی فرەخێزانی ئەبینرێت کە باخچەیەکی بچکۆلەی هاوبەشیان  بەرەو شەقامەکە هەیە. لەناو پاشینەکە لە وێنەکەدا پیاو سەوزایی ئەبینێت لە پارچەیەکی نووکتیژی سەوز کە قەدبڕی ئەکات.

## وێنەی 2

لەم وێنەیەدا نموونەیەک ڕوون ئەکرێتەوە بە چۆنێتی بوونی گۆڕەپانێک بە درێژیی بولڤاری هاتوچۆی گشتی و چۆنێتی سازکردنی. خانوەکانی ئێرە لەچاو ژینگەی شاردا بەرزترن. لێرەدا وا بیرکراوەتەوە کە ژینگە زیاتر لە هی شاری گەورە بچێت، بە ژیانی شار لە سەر گۆڕەپان و شەقامگەل و هەروەها پێشکەشکارییەکی بەرفراوان لە خزمەتگوزاریی لە نهۆمی ئەردی خانووەکان. گۆڕەپانەکە ئەبێتە شوێنی گرنگی چاوپێکەوتنی کۆمەڵایەتیی و یارمەتیی هەم بۆ پێکەوەبوون و هەم ناسنامەی کۆمەڵایەتیی ئەدات.

## وێنەی 3

وێنەی سێ، جۆرێکە لە ڕوونکردنەوەی وێنەیی پێشنیاری پلانەکە. لەو پانتاییە سەوزانەدا کە لەسەربۆئەوسەری درێژبوونەوەی هەموو شەقامەکەیە ئاوی باران کە ئەرژێتە سەر شۆستەکان و شەقامەکان (ناوبراو بە ئاوی ڕۆژانە)دوائەخرێت، خاوێن ئەکرێتەوە و لە فلتەرئەدرێت. درەختو سەوزایی ئەتوانن لێرەدا گەورەبن و گەشەبکەن چونکو شوێنی باشیان بۆ ڕەگەکانیان هەیە و ئاودانی ئۆتۆماتیکیان ئەدرێ. سەوزاییەکە کۆمەک بە ساردکردنەوەی شەقامەکان لە هاوینی گەرمدا ئەکات و ئەوان ئۆکسجین بەرهەم ئەهێنن ئەمەش کوالێتی هەوا باش ئەکات. ئەبێت بکرێت لە ناوچە سەوزەکان بەزۆریی یاری بکرێت. تەنها ئەو کاتانەی کە ڕێژنەبارانە ئەکرێت تۆزێک قوڕاویی و تەڕ بێت. گوڵوگوڵزار ئەتوانن لەسەر زەویەکە گەشە بکەن و لەوانەیە باڵندەکانی ناو دارستان لە سەر دارەکان نیشتەجێ بن.



## سرووشت و شار لە هەماهەنگیدا

پارکەکان ، شەقامەکان و گۆڕەپانەکان پێکەوە بە بەشێکی گەورەتر لە گوزەرگای گلدراوە لە سرووشت لە سیستەمێک بە گوزەری پڕهاتوچۆی هێزوەبەرهێنانەوە لە ژینگەی شارا پێکئەهێنن.ئەوان گەڕەکگەل و گەڕەکەماڵی تایەبەت پێکەوەئەبەستن بە ناوچەی لونس، سرووشتی تەختایی و ناوچەی چەمەکەوە. لەو گەڕەکەماڵانەی کە بە ئەندازەی تەواو گەورەن و لە حەوشەی خوێندنگاکاندان، ئەکرێت بەشێک لە سرووشت بهێڵرێتەوە.

پێشنیار ئەکرێت کە دوو پارکی شار – و چاندنی هاوبەش لای ڕۆژهەڵاتی هێڵی ئاسنیینەکە و هەم لای ڕۆژئاوای ڕێگای 255 دروستکرێت. خوێندنگا و باخچەی منداڵان لەو جێگایانە دائەنرێت کە ناوچەی سەوزایی باشیان لەبەردەستابێت.

## پێشترێتیی ئەدرێت بە گواستنەوەی خۆڕاگر

شیوازی خۆڕاگر بۆ سەفەرکردن پێشترێتیی ئەدرێتی. تۆڕی پیادەڕۆ- باسکیل کەڵک ئەگەیەنێت بە باسکیل و بەپیادە. شوێنێکی نوێی هاتوچۆ بە ئامێری ماتۆڕدارەوە لە E4 لەناو پێشنیاری پلانەکەدایە و دواییش پەیوەندیی ڕێگا هەتا پێش وێستگەی هێڵی ئاسنینە نوێ کە.

سێ گوزەرگای تونێل لەژێر هێڵی ئاسنینەکە پێشنیار ئەکرێت بۆ بەستنەوەی لای ڕۆژهەڵات بە لای ڕۆژئاوا. پێشنیارێک ئەوەیە کە ڕێگای 255 دروستکرێتەوە و بکرێت بە بولڤار و تەریب بەلای ڕۆژهەڵاتی هێڵی ئاسنینەکە شەقامێکی نوێ ڕاکێشرێت.

## ناوچەی کاروبار لەپاڵ E4

ناوچەیەکی کاروبار بۆ پیشەسازیی سووکتر، ڕێکخستنی گواستنەوە و خزمەتگوزاریی لای ڕۆژئاوای E4 هاوئاست لەگەڵ شوێنی حەوانەوەی مورا ستێنار پێشنیارئەکرێت.

## دابینکردنی بژێوی

زەویە کشتوکاڵییە بە پیتەکەی ڕۆژهەڵات لای هێڵی ئاسنین بۆ بەرهەمهێنانی خۆراکی بژێوی دڵنییا ئەکرێت. بواری بەرهەمهێنانی ناوچەیی بە فرۆشیاریی ڕاستەوخۆ بۆ کەسانی پریڤات و بازرگانەکان ئەبێت ئاسانکرێت.

## کاتی پلانەکە و جێبەجێکردنی

بەرفراوانکردنەکە بەردەوام ئەبێت تا ساڵی 2050. بۆ گەیشتن بە ئامانجە دانراوەکە بە 21500 خانووبەرە تا ساڵی 2050، ئەبێت یەکەمیین 800 خانووی نوێ لە ساڵی 2025 دا تەواوبێت و پاشان هەمان ژمارە ی وەک یەک تا ساڵی 2050.

